کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 3-10-2007 2:08

# پەیماننامەی ئەنقەرە هەمان ناوەڕۆک و ئامانجی پەیماننامەی جەزائیری ساڵی (1975) ە ... مەکتەبی سیاسی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

ئەو ڕێککەتنامە دوو قۆڵییەی کە لە ڕێککەوتی (2007/9/28) لە نێوان هەردوو وەزیری ناوخۆی ئێراق و تورکیا ئیمزا کرا، ڕووداوێکی ترسناکە دژبە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەمان و بزاڤە سیاسییە ئازادیخوازەکەی و بەتوندی ریسوا و شەرمەزاری دەکەین. هەردوو وڵاتی داگیرکەری کوردستان لەو ڕێککەتنامەیەدا لەسەر چەند بابەتێکی چارەنووسساز دژبەکورد ڕێککەوتوون، سەرەتا بزاڤی ئازادیخوازی گەلەکەمان لەباکووری کوردستان (پ ك ك) و کۆنگرەی گەلی کوردستان و هەموو ئەو دەزگا و ڕێکخراوانەی کە گرێدراویانن بەتیرۆریست ناوزەد کراون و بەهۆکاری تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمەکە دادەنرێن، هەروەها هەموو ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتنانەی کە لەرابردوودا هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان، تورکیا و ئێراق بۆ پاکتاوکردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بەستبوویان زیندوو کراونەتەوە و بەبڕیاریشن بۆ ئەوەی بەگەڕیان بخەنەوە و کاراشیان بکەن. هەروەها لەسەر ئەوەش ڕێککەوتوون هەل و دەرفەت نەدەن بەبزاڤی ئازادیخوازی کوردستان و شۆڕشگێرانی کورد سوود لە جوگرافیا و توانستەکانی بەشەکانی تری کوردستان وەربگرن، هەروەها بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەبێت حکومەتی ئێراقی ئەندامانی (پ ك ك) دەسبەسەر بکەن و دواتر دادگایی بکرێن یان رادەستی دەوڵەتی تورکیا بکرێنەوە، دیارە لەسەر میکانیزمەی بەڕێوەچوونی کارەکانیش بۆ هەنووکە و ئایندەش ڕێککەوتوون، بۆیە بڕیاری کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتیە دیبلۆماسیەکانیان و ئاواکردنی کۆمیتەی بەدواچوون و چاودێرییان داوە. بۆ ئەو مەبەستە هەر شەش مانگ جارێك لە ئێراق یا لە تورکیا کۆ دەبنەوە هەردوو لا بەڵێنیان داوە بەزووترین کات ئەو بڕیارانە بەگشتی و بەتایبەتی وابەستە بەچاودێری ناوچە سنوورییەکان و بەگژداچوونەوەی تێکۆشەرانی کورد جێبەجێبکەن.

جەماوەری خۆراگری کوردستان

داگیرکەرانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو پێکەوە هاوکاربوون بۆ پاکتاوکردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و تێکبردنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و جینۆسایدکردنی گەلەکەمان. لەم ڕێگەیەشەوە هەندێك ئەنجام بگرن و درێژە بەسیاسەتی نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەییمان بدەن و لە مافەکانمان بێبەشمان بکەن. دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ئێراق بەگشتی هەلودەرفەت بۆ چارەسەری کێشەی کورد رەخسا، وکورد لەئێراق هەندێك پێگەی بەدەستهێنا و بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی تر ماددەی (140) لە دەستووری ئێراقدا جێگیرکرا، بەڵام وڵاتانی داگیرکەری کوردستان تورکیا، ئێران و سوریا بۆ خراپکردنی ئەو کەشە لەبارە بۆ کورد و لاوازکردنی پێگەی کورد و جێبەجێنەکردنی ماددەی (140) گوڕیان بەهەوڵەکانیان دا و هەموو توانستەکانیان سەفەربەرکرد لەپێناوی پاکتاکردنی هێزەکانی گەریلای ئازادیخوازی کوردستاندا و تیرۆرکردنی کەسانی نیشتمانپەروەری کورد، لەوانەش مەترسیدارتر دەوڵەتی تورکیا بەشێوەکی سیستەماتیك رێبەری کورد بەڕێز (عەبدوڵلا ئۆجەلان) یان ژەهرخواردکردووە و رۆژ لەدوای رۆژ دەرفەتی ژیانی نالەبارتر و خەراپتر دەکەن و زۆر جار سزای تاکەکەسیشی بەسەردا دەسەپێنن، دەوڵەتی سوریاش دەستی بەدروستکردنەوەی پشتێنی عەرەبی کردووە و ئێران و تورکیاش ماوەیەکە پێکەوە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان تۆپباران دەکەن و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دژی هێزەکانی (پژاك) و هێزی پاراستنی گەل ئەنجامدەدەن و بەبەردەوامی سەدان هەزار سەربازیان لەسەر سنوورەکان کۆکردۆتەوە و هەڕەشەی پەلاماردانی باشووری کوردستان دەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:08 3-10-2007

داگیرکەرانی کوردستان باش لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کە هێزەکانی گەریلا گەرەنتی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمانن لەهەموو بەشەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی تووشی شکست و نسکۆمان بکەنەوە، پێیان وایە دەبێت گورز لەو هێزە شۆڕشگێر و خۆبەخشە بدەن، بۆیە بەهەموو توانستەکانیانەوە ماوەی ساڵێکە بەبەردەوامی ئۆپەراسیۆنی فراوان ودژوار دژبە هێزەکانی گەریلا ئەنجام دەدەن.
هێزە سیاسی و ڕێکخراوەی جەماوەری و دیموکراتییەکان
لەکاتێکدا کە ڕای گشتی کورد چاوەڕوانی ئەوە بوو حکومەتی ئێراق هەوڵبدات بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (140) و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێراقدا و ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەبەشەکانی تری کوردستان، کەچی بەپێچەوانەوە حکومەتەکەی مالیکی کۆسپ دەخاتە سەر ڕێی جێبەجێکردنی ماددەی (140) و لەسەردانەکانیدا بۆ تورکیا و ئێران و سوریا پەیماننامە دژبە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان ئیمزا دەکات و لەم دواییەشدا وەزیری ناوخۆی حکومەتەکەی ڕەوانەی ئەنقەرە دەکات بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتننامە مەترسیدارە دژبە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و گەلەکەمان ببەستێت. بێگومان ئەو پەیماننامەیەی ئەنقەرە لەناوەڕۆك و ئامانجدا هەمان ناوەڕۆك و ئامانجی پەیماننامەی جەزائیری ساڵی 1975هەیە کە بریتییە لە شکاندنی ئیرادەی ئازادی گەلی کوردستان و بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی نکوڵی و قڕکردن و توانەوەی نەتەوەیی.
ئەوەی مایەی نیگەرانی و تێفکرینی دڵسۆزانی دۆزە ڕەواکەمانە، نوێنەرانی کورد لە بەغداد بەشداری ئەو حکومەتەن و پێگەی جددییان هەیە لە دەوڵەتی ئێراقدا بگرە حکومەتەکەی مالیکی بەپشتگیری و هەماهەنگی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ماوەتەوە، دیارە مۆرکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە بەو سەنگەی کورد لە بەغداد هەیەتی مایەی نیگەرانییە، چونکە بەبێ ڕەزامەندی نوێنەرانی کورد مەحاڵە حکومەتی ئێراق بتوانێت وەها ڕێککەوتننامەیەك مۆر بکات، ئەگەریش ئەو بەرپرسە کوردانەی بەغداد بێ ئاگان لەو بابەتە ئەوا بۆ بێدەنگن و هاوشێوەی بەرپرسانی هەرێم ناڕەزایەتی دەرنابڕن، ئەگەر ئاگاداریشن ئەوا کورد بەدەستی خۆی ماڵی خۆی وێران دەکات، یان ئەو بەڕێزانە هێشتا بێ ئاگان لەناوەڕۆکی بەیاننامەکە، بۆیە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەکاتێکدا ئەو ڕێککەوتننامەیە بەهەڕەشەیەکی جددی دەبینین بۆ سەر دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و بەتوندی مەحکوم و شەرمەزاری دەکەین، ئەواڵە هەمان کاتدا داوا لە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسی و ڕێکخراوەکانی گۆمەڵگای مەدەنی، کەسانی ڕۆشنبیر، دیموکراتیخواز دەکەین کە لەبەرامبەر مۆرکردنی ئەم ڕێککەتننامە شوومەدا بێ دەنگ نەمێنن و بەهەمووشێوازێك شەرمەزاری بکەن و لە دژی تێبکوشن.
لەسەر ئەو بنەمایە پتەوکردنی ریزەکانی گەل و بەرزکردنەوەی ڕۆح و فیکر و تێکۆشانی نەتەوەیی گەرەنتی هەرە مەزنە بۆ پووچەڵکردنەوەی سەرجەم پیلان و پەیماننامە شوومەکان. بۆیە بانگەوازی لەتەواوی گەلەکەمان بەگشتی و هێز و لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی، کە بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان هەڵسن و هەنگاو بۆ سازدانی کۆنفراسێکی نەتەوەیی بنێن.
- نا بۆ پیلانگێڕی دژبە گەلەکەمان و بزاڤە ئازادیخوازەکەی
- بژی تێکۆشانی ڕەوای گەلەکەمان

مەکتەبی سیاسی
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
(2007/10/1)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.